# ئایا پێغەمبەر عیسى (سەلامی خوای لێ بێت) ماوە

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هل عيسى عليه السلام مازال حيا

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# ئایا پێغەمبەر عیسى ( سەلامی خوای لێ بێت) ماوە

**پرسیار:** ئایا پێغەمبەر عیسى ( سەلامی خوای لێ بێت) ماوە ؟ ئەگەر ماوە و بەرزکراوەتەوە بۆلای خوای گەورە، مانا وتەفسیری ئەم ئایەتە چیە کە باس لەوەفاتی دەکات، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَىٰ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ﴾ [ آل عمران : ٥٥ ] .

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەر عیسى ( سەلامی خوای لێ بێت) نەمردووە و ماوە وخوای گەورە بەرزی کردوەتەوە بۆلای خۆی بۆ ئاسمان، چونکە ئەو کاتەی جولەکەکان پیلانیان لێگێرا و وویستیان بیکوژن، خوای گەورە یەکێك لە قوتابیەکانی خستە سەر شێوەی عیسى ( سەلامی خوای لێ بێت) جا بۆیە ئەو کەسانە وایان زانی ئەو

کەسە عیسی پێغەمبەرە، هەستان کوشتیان و دایان لەخاچ، بەڵام خوای گەورە عیسی ( سەلامی خوای لێ بێت) ی بەرز کردەوە بۆلای خۆی، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ ﴾ [ النساء : ١٥٧ ] واتە : بەهۆی ئەو قسەیەشیان کە دەیانوت بە ڕاستی ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لەڕاستیدا نەکوشتوویانەو نە لەخاچیانداوە، بەڵکو لێیان تێکچووە و (کەسێکی تریان کوشتووە لە بری ئەو) .

وە لەبارەی ئەو ئایەتەشەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَىٰ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ﴾ [ آل عمران : ٥٥ ] واتە : خوای گەورە فەرمووی: ئەی عیسی، بەراستیی من بەرزت دەکەمەوە بۆلای خۆم، وهەتا ڕۆژێ ئەتگەیەنمە کاتی دیاریکراوی ئاسایی بۆ ژیانت دەمێنی، وئەوسا ئەتمرێنم .

زانایان لە شێوەی بەرزکردنەوەی عیسی (علیە السلام) دا چەند ڕایەکیان هەیە :

ڕای یەکەم : لەم ئایەتەدا پاش و پێش هەیە، لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە : **(إني رافعك إلي ومتوفيك)** واتە: لەپێشدا بەرزت ئەکەمەوە بۆلای خۆم، ئەوساکە هاتیتە خوارەوە ئەتمرێنم.

دووەم دەڵێن: ئایەتەکە هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا نییەو، هەروەك ئێستایەو، ماناشی ئەوەیە کە ئەتمرێنم، ئەوجا بەرزت ئەکەمەوە بۆلای خۆم، بەڵام ئەم ڕایەیان لاوازە ولەگەڵ فەرموودەکانی تردا یەك ناگرێتەوە کە باس لەهاتنە خوارەوەی عیسی (سلامی خوای لێ بێت) دەکات چونکە ئەو فەرمودانە کە یەکدەنگن بۆگەڕانەوەو هاتنەوەی عیسی لەئاخر زەماندا بۆسەر زەویی، گشت (متواتر) ن .

ڕای سێهەم : کە ئەم ڕایەیان ڕای زۆربەی زانایانی تەفسیرە، وەك ابن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : « **وقال**

الأكثرون المراد بالوفاة هاهنا النوم؛ كما قال تعالى : ﴿ وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ بِاللَّيْلِ ﴾ [ الأنعام :٦٠ ] ..... وكان رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول - إذا قام من النوم « الحمد لله الذي أحيانا بعد ما أماتنا وإليه النشور » [ تفسير ابن كثير: ٢ / ٤٧] .

واته : زۆربەی زانایان دەڵێن : مانای (متوفيك) بەمانای خەولێکەوتن هاتووە، چونکە ووشەی (وفاة) لەجێگای تردا هاتووە، بەڵام بەمانی مردن نا، بەڵکو بەمانای (خەو) وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُمْ بِالنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰ أَجَلٌ مُسَمًّى ﴾ [ الأنعام : ٦٠ ]. واتە: هەر ئەوخوایە کە بەشەودا دەتانخەوێنێ و، هەست وبیرتان لێ دەسێنێ و، وەك مردووتان لێدێت، وبەرۆژیشدا هەر تاوانێ بکەن پێیدەزانێت، ئەوسا بەرۆژ راتاندەپەڕێنێ وهەڵتان دەسێنێت، تا ماوەی دیاریکراوی خۆی بەسەر دەچێ و، ئەگەنە کۆتایی تەمەنتان دەژین .

هەروەها پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) هەرکاتێك لەخەو هەستایە دەیفەرموو : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لەپاش مردن جارێکی تر زیندووی کردینەوە .

سەرنج بدەین خوای گەورە وپێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ووشەی ﴿ يَتَوَفَّاكُمْ﴾ و « أماتنا » یان هەندێك جار بەمانای خەو هێناوە .

ڕای چوارەم: دەڵێن ووشەی ﴿ مُتَوَفِّيكَ ﴾ کە لەئایەتەکەدا هاتووە مەبەست پێی ( إني قابضك ) واتە من هەڵت دەگرم و بەرزت دەکەمەوە بۆلای خۆم، بۆ ئاسمان، چونکە ووشەی (وفاة) لەزمانەوانیدا بە مانی (قبض) دێت .

بەم شێوەیە بۆمان ڕوون بویەوە لە کۆی چوار ڕای زانایان سێ ڕایان لەگەڵ ئەوەدان کە پێغەمبەر عیسی (سەلامی خوای لێ بێت) نەمردووە، بەڵکو خوای گەورە بەرزی کردوەتەوە بۆلای خۆی بۆ ئاسمان .

جاهەر بۆ پتر زانیاریی لەبارەی عیساوە (سەلامی خوای لی بێت) دەڵێن: عەقیدەی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ئەوەیە کە: عیسی (سەلامی خوای لێ بێت) هەر بەزیندوویی (بەفەرمانی خوا) بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان بۆلای خۆی، جا بۆدوایی (پێشهاتنی رۆژی قیامەت) دێتە خوارێ و، بەشەریعەتی محمد (صلی الله علیە وسلم) حوکم و بڕیار دەداو کاردەکات، پاشان دەجال دەکوژێ و رووی سەر زەویی پڕ دەبێت لە دادو عەدالەت و فەڕو بەرەکەت، ئیتر لەگەڵ (الطائفة المنصورة) دا کە لەپێناوی حەقدا دەجەنگێن جیهادی خۆی دەکات و لەپشت ئەميري موسڵمانانەوە نوێژی بەکۆمەڵ دەکات .

خوای گەورەش زاناو شارەزاترە .